# سکرتێری گشتی حزب وەڵامی پرسیاری خوێنەرانی ماڵپەڕی سەربەخۆ دەداتەوە

**ماڵپەڕی سەربەخۆ میوانداری هەڤاڵ ڕێکار ئەحمەد، سکرتێری گشتی حزبی رزگاریی کوردستانی کرد، خوێنەرانی ماڵپەڕەکەش پرسیاریان لێکرد، ئێمەش لە هەفتەنامەی رۆژی گەل دا بە باشمان زانی بەشێک لە پرسیارو وەڵامەکان بگوزینەوە:**

لــە ســەرەتــادا زۆر سوپاسی بەڕێوەبەرانی ماڵپەڕی سەربەخۆ دەکەم کە ئەم دەرفەتەیان رەخسان تا ئێوەی بەڕێزو خۆشەویست پرسیار بکەن و منیش بە نۆرەی خۆم وەڵامتان بدەمەوە.

**پرسـار لەلایەن ولاتەوە:**

کاکە ڕێکار گیان خۆشحاڵم کە لە سەکۆی سەربەخۆیی خوازاندا دەتان بینم، منیش دو پرسیارم هەن، دیارە جاریتریش پرسیومن بەڵام تا ئێستا ئەوەی راستی بێ دڵم بە وڵامەکان ئاوی نەخواردۆتەوە.

1- جیاوازی روح و هەستی نەتەوەیی لە چیدا دەبینن؟

2-هۆکاری ئەوەی کە داگیرکەرانی کوردستان تەنانەت لە کاتی شەڕ لە گەڵ یەکتریشا، لە هەمبەر کورد و کوردستان بە یەکەوە هاودەنگ و هاپەیمانن و پلانی هاوبەش بۆ بەرەنگاربونەوەی دادەرێژن، لە چیدا دەبینن؟ لە ئێستاوە سپاسی وڵامدانەوەتان دەکەم

**وەڵام:** بەڕێز وڵات! منیش سوپاسی ئێوەی خۆشەویست دەکەم کە پرسیارتان لێکردووم.

نەتەوەی زیندوو خۆیان لە رۆحی زیندوودا دەبینەوە، ئەوانەن کە بە گەشبینیەوە لە داهاتووی خۆیان دەڕوانن، بۆ سەرکەوتن و بەرەوپێشەوەبردنی نەتەوەو نیشتمانی خۆیان تێدەکۆشن. راستیەکەی زۆربەی جاران هەستی نەتەوەیی دەکارێ رۆحی نەتەوە بە زیندوویی رابگرێ، بەڵام لەهەندێک رەوشیشدا ئەو هەستە جگە لە خۆپارێزی هیچ هەنگاوێکی دیکە هەڵناگرێتەوە. هەستی نەتەوەیی توانای راچڵەکاندنی تاکەکانی هەیە، ورەو لێهاتوویی پێدەبەخشێ، بەڵام ئەگەر شرۆڤەو لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی لەگەڵدا نەبێ، ناکام دەمێنێتەوە. دەکرێ نەتەوە بندەستەکان بە نموونە پەسند بکەین، بەڵام رۆحی نەتەوە خۆی لەخۆیدا بەردەوامی و رۆڵی مێژوویی کایە دەکات. دوژمن و داگیرکەر بۆ کوشتنی رۆحی نەتەوە بندەستەکان هەوڵی پوکاندنەوەی هەستی نەتەوەیی دەدەن و بەرەو ئاقارێکی دیکەی تاو دەدەن. هەموو گرفتەکانیش لەو خاڵەوە دەست پێدەکەن.

بێگومان هاوهەنگی و هاوکاری داگیرکاران لەبەرانبەر کوردو کوردستاندا وەک پرۆسەیەک بۆ بەچۆک داهێنان و لەنێو بردن و بێماف هێشتنەوەی کوردستانیان درێژەیان پێدەدرێت. وەک کورد گوتەنی :دوژمنی دوژمنم دۆستمە!

هەڵبەت ئەوانەی کوردستانیان داگیرکردوە، هەر هەموویان کورد بە دوژمن دادەنێن، دەشزانن وەدەستهێنانەوەی مافی کوردان لە پارچەیەکدا لە دەستەڵاتی ئەو نەتەوەیە کەم دەکاتەوە کە ئەو پارچەی داگیرکردوەو پێیەوە لکێنراوە، راستەوخۆش هەڕەشە لەسەر ئەوانی دیکە دروست دەکات. راستیەکەی کێشەی کوردستان بە مرۆڤ و خاکەوە یەک کێشەیە، کێشەی نەتەوەیەکی داگیرو دابەشکراوە، دۆزی تێکۆشانە بۆ وەرگرتنەوەی ماف و ئازادیەکان، بەوهۆیەوە لەهەموو کاتەکاندا داگیرکارانی کوردستان یاخود ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان پێوەلکێنراوە لەبەرانبەر پێشکەوتنەکانی کورد سەنگەر دەگرن و گورو تین بە هاوکاری نێوانیان دەدەن. لەو کاتەدا کێشەی لاوەکی نێوانیان وەلا دەنێن، سەرکەوتنی کورد بە مەترسی و هەڕەشەی گەورەتر دەزانن.

**پرسـار لەلایەن نەرمینەوە**

دەکرێ پێمان بڵێی کە بەڕێزتان لەسەر کام وەزارەت دامەزراون و مووچەکەتان چەندە؟ هەرچەندە ئەمە پرسیارێکی شەخیسە بەڵام دەکوترێ کە زۆربەی بەرپرسانی لایەنە کوردستانیەکان بە مووچەخۆر لەسەر میلاکی وەزارەتێک دامەزراون یان ئەگەر خانەنشین کراویت مووچەکەت چەندە؟

**وەڵام:** بەڕێز نەرمین، لەمانگی حوزەیرانی 2006 ، حکومەتی هەرێم (ئیدارەی سلێمانی) بڕیاریدا کە لە بەڕێوەبەریتی رێکخراوەکاندا وەک راوێژکار دامبەزرێنێ، هەڵبەت مووچەکەم دەگەیشتە یەک ملیۆن و سێ سەد و هەشتا هەزار دیناری عێراقی، بەڵام لە کۆتایی ساڵی 2008 بەبێ ئاگاداری خۆم مووچەکەم بڕدراو نازانم چی بەسەر هات؟

حەز دەکەم ئەوە بڵێم کە بەر لەوەی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بکەم، من وەک ئەندازیار دامەزرابووم، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە لە رێکخستنەکاندا کارم دەکرد، دەستم هەڵگرت و بەرەو شاخ چووم ، واتە خەباتی نهێنیم بۆ خەباتی ئاشکرای چەکداری گواستەوە. هاوپۆل و هاوکارەکانی من، ئەوانەی کە سیاسەتیان نەدەکردو رۆژێک خەباتیان نەکرد ئێستا مووچەیەکی باشیان هەیەو زۆربەشیان پۆستیان پێدراوە. من پیرۆزباییان لێدەکەم! لەوەڵامی پرسیارەکەتدا دەڵێم: ئێستا هیچ مووچەیەکم نیەو لەسەر میلاکی هیچ وەزارەت و بەڕێوەبەرێتیێک فەرمانبەرو مووچەوەرگر نیم، هەڵبەت خۆتان دەزانن کە ئێستا لە باشووری کوردستاندا هەزاران کەس وەک پێشمەرگەو تێکۆشەری دێرین خانەنشین کراون و مووچە وەردەگرن، هەزاران کەس لەوانە رۆژێک لە رۆژان پێشمەرگایەتیان نەکردوە، تیایاندا هەیە کە پێشتر چەکدارو جاشی بەعس بووە، بەڵام وەک پێشمەرگەی دێرین پێوانەی بۆ کراوەو مووچەی خانەنشینی بۆ بڕاوەتەوە، بەڵام من کە چەندین ساڵ پێشمەرگە بوومە و بە مافی خۆشمی دەزانم کە یان بگێڕدرێمەوە سەر کارەکەی پێشووم یان بۆ بژێوی رۆژانە مووچەیەکم هەبێ، بەڵام ئێستا هیچ مووچەیێکی دەوڵەتیم نیە. ئێمە تەنیا ئەرکمان لەسەر شانەو مافەکانمان پێڕەوا نابینن.

لەو پێوەندەدا حەز دەکەم بڵێم، هەندێک تێکۆشەری دێرین کە لە سەردەمی شاخدا هاوخەباتی من بوونە بە پاڵپشتی نووسراوی من، مووچەی خانەنشینیان بۆ بڕاوەتەوە، بەڵام لەدابین کردنی مووچە بۆ خودی خۆم دا ئەو مافە بە من رەوا نەبینراوە! راستیەکەی دڵگران و داخبار نیم، چونکە ئێمە لەرێزی حزبێک بۆ گەل و نیشتمانەکەمان تێکۆشاوین کە نەگەیشتۆتە دەستەڵات، ئێستاش خەبات و ماندووبوون بەوە پێوانە دەکرێ کە تۆ چەند خزمەتت بە حزبێکی براوە کردوە!! مخابن خەبات و تێکۆشان بۆ سەرخستنی دۆزی رەوای گەل و نیشتمان پێوانەی بۆ ناکرێ!

**پرسـار لەلایەن هاشمەوە:**


؛ لاوازی راگەیاندنی حزبی رزگاری بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئایا حزبە ئێوەش وەکو حزبەکانی دیکە بودجەیەکی زۆری هەیە؟ یان دەکرێ بپرسین حکومەتی هەرێم مانگانە چەند پارە بە حزبی رزگاری دەدات؟ ئایا ئێوەش وەکو لایەنەکانی دیکە پۆلیستان بۆ تەعین کراوە؟ خانەنشینی پێشمەرگەتان بۆ کراوە؟ لەسەر میلاکی رێکخراوەکان چەند کەستان دامەزراوەو مووچە وەر دەگرێ؟ ئایا چەند ئەندامی رزگاری فەرمانبەرن بەڵام لە شوێنی دەوڵەتی کار ناکەن و لە بارەگا دەوام دەکەن؟؟؟؟

**وەڵام:** بەڕێز هاشم! لاوازی راگەیاندنی حزبی رزگاریی کوردستان بە پلەی یەکەم بۆ گرفتی دارایی دەگەڕێتەوە، چونکە حزبی رزگاریی کوردستان لە رۆژی راگەیاندنیەوە واتە لە 15-8-1993 تا ئێستا بەردەوام رووبەڕووی گرفت و قەیرانی دارایی کراوەتەوە. حکومەتی هەرێم ئامادە نەبووە کە وەک حزبەکانی دیکە بودجەیەکی ئەوتۆی بۆ ببڕێتەوە کە بتوانێت کەمێک لە پێداویستیەکانی خۆی پێدابین بکات.

حەز دەکەم ئەو راستیە بۆ تۆی بەڕێزو سەرجەم کوردستانیان روون بکەمەوە کە حزبی رزگاریی کوردستان بەهۆی هەڵوێستەکانیەوە، بەهۆی ئەوەی کە بەشداری لە شەڕی نێوەخۆدا نەکردوە، بێ بودجە هێشتراوەتەوە یان زۆر بەکەمی هاوکاری کراوە. تا ساڵی 1999 هیچ بودجەیەکمان نەبوو، دواتر ئیدارەی سلێمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا کە بودجەیەکی تایبەتیش بۆ ئێمە تەرخان بکات، کە تەنیا 15 هەزار دیناری چاپی سویسری بوو، پاشان لە ساڵی 2006 بودجەکەمان کرا بە چوار ملیۆن دیناری چاپی نوێ (بریمەر)، پاشان لە مانگی حوزەیرانی 2008 کاتێک هەندێک لە هەڤاڵانی خۆمان کۆدێتایان کرد و جیابوونەوە، بودجەکە درا بەوان. تا مانگی ئایاری 2009 ئەوان گەڕانەوە ئەوسا لەمانگی ئایاری 2009 بودجەکەی ئێمە بوو بە بیست ملیۆن، لە وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگیرا، بەڵام لە مانگی دیسێمبەری 2009 کاتێک ئەو هەڤاڵانە جارێکی دیکە رۆیشتنەوە ئیدی دیسانەوە گرفتی دارایی هێنرایەوە پێش، ئێسا بودجەکەی ئێمە کێشەو گرفتی بۆ دروست کراوە، مانگەکانی 1، 2 و 3ی ئەمساڵ وەرنەگیراون، بەڵام مانگی نیسان 20 ملیۆن دینارمان وەرگرت، ئێستا دەستێک هەیە و جارێکی دیکە ئەو بودجەیەی راگرتۆتەوە.

بەکورتیەکەی بودجەی حزبی رزگاریی کوردستان تەنیا بیست ملیۆن دیناری چاپی نوێیە، ئەوەش کەمترین بودجەیە بە بەراورد لەگەڵ حزبەکانی دیکە، تەنانەت هەندێک رۆژنامە، سێنتەر و دامەزراوە هەن کە چوار بەرانبەر بە حزبی رزگاری بودجەیان بۆ دابین کراوە، هەڵبەت ئێوەش دەزانن بۆ؟؟

حزبی رزگاریی کوردستان بنکەو بارەگای هەیە، هەفتەنامەو ماڵپەڕو مەکتەبی راگەیاندنی هەیە، پێشمەگەو کادرو سەرکردایەتی هەیە، بودجەکەشی ئەگەر بدرێت تەنیا بیست ملیۆن دیناری چاپی نوێیە.



**پرسـار لەلایەن عەلی حوسەینیەوە:**

ئاتا هۆکاری چ بوو چەند کەسێک ماوەیەک پێش لە حیزبی ڕزگاری ئینشقاقیان کرد و دوای گەڕانەوە، دیسانەوە لە کۆنگرە بەشداریان نەکردەوە، ئایا ئیستا ئەوانە بە ناوی حیزبی ئێوە کار دەکەن، ئەگەر وایە کێ هاوکارییان دەکات

**وەڵام:** بەڕێز عەلی حوسەینی! راست دەکەی لە مانگی حوزەیرانی 2008 دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی لە حزب هەڵگەڕانەوەو کۆدێتایان کردو دەستیان بەسەر بودجەی حزب داگرت، بەڵام حزب درێژەی بە کارەکانی خۆیدا، لە مانگی نیسانی 2009 لەسەر داوای حزبی رزگاری، حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەکەی لەو دوو هەڤاڵە بڕی، بۆیە ئەوان بە ناچاریەوە لە مانگی ئایاری 2009 گەڕانەوە ریزەکانی حزب.

ئەوان پێداگریان لەسەر پێکهێنانی سێهەمین کۆنگرەدا دەکرد، بەڵام کاتێک بە ئیمزای خۆشیانەوە بڕیاردرا کە رۆژی 25ی دیسێمبەری 2009 سێهەمین کۆنگرە ببەسترێ، ئەوان لە رۆژی 23ی دیسێمبەر واتە دوو رۆژ بەر لە بەستنی کۆنگرە پاشەکشەیان کرد، چونکە دەیانزانی کە لە کۆنگرەدا سەبارەت بە چۆنێتی سەرفکردنی بودجەی یازدە مانگ، هەم لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێ، هەمیش شانسی هەڵبژاردنەوەیان بۆ پۆستی سەرکردایەتی نابێ، بۆیە پاشەکشەیان کردو نەهاتنە ناو کۆنگرە.

هەڵبەت حزبی رزگاریی کوردستان حەزی دەکرد ئەوانیش بێنە ناو کۆنگرە، بۆیە لەیەکەمین رۆژی کۆنگرەدا بە ئیمزای 92 نوێنەری کۆنگرە داوایان لێکرا کە بێن و بەشداری لە کۆنگرەدا بکەن، هەروەها ماوەی یەک هەفتەش لەسەریان راوەستاین، بەڵام کاتێک نەهاتن، کۆنگرە درێژەی پێدراو بەبڕیاری 97 ئەندامی کۆنگرە ئەوان لە ریزی حزبی رزگاریی کوردستان دەرکران. راستیە ئێستا لێرەو لەوێ بانگەشەی رزگاری بوون دەکەن، بەڵام هیچ چالاکی و بڵاوکراوەیەکیان نیە، ئامانجیان بێهەڵوێست کردنی حزبی رزگاریی کوردستانە، هەڵبەت کەسانێکی دەسترۆیشتوو هاوکاریان دەکەن، بەڵام دڵنیاین کە سەرکەوتوو نابن و ناکام دەمێننەوە، چونکە بەدرێژایی مێژووی تەمەنی خۆیدا حزبی رزگاریی کوردستان قۆناغی زۆری لەو بابەتەی وەپشت خستووە.

**پرسـار لەلایەن ئەحمەدی فەرزانەوە؛**

بەڕێزتان حکومەتی نوێ عێراق چۆن دەبینن؟ پێتانوایە کورد دەستەڵاتەکانی پێشوی بەدەست دێنێتەوە؟

وەڵام: بەڕێز ئەحمەدی فەرزانە! وێڕای سوپاس، ئەمن پێموایە کە ئەمجارەشیان کورد دەتوانێ هەندێ پۆستی گرنگ لە نێو حکومەتی عێراقدا مسۆگەر بکاتەوە، بەتایبەتیش بەربژارکردنەوەی بەڕێز سەرۆک تاڵەبانی بۆ پۆستی سەرکۆماری عێراق، بەڵام راستیەکەی گومان و دڵەڕاوکێکانی کوردستانیان لە جێی خۆیان دان، چونکە عەرەبە دەمارگیرەکان نەباوەڕیان بە دیموکراسی و فیدراڵی هەیە، نەئامادەشن کە رۆژێک لەرۆژان کوردستانیبوونی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە بسەلمێنن، بۆیە وەدەستهێنانەوەی پۆستەکان بەقەد گێڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان و دیاریکردنی سنووری باشووری کوردستان گرنگ نین.

**پرسـار لەلایەن کاردۆ بانەییەوە:**

هۆکاری چیە ئێوە نەتانتوانی کورسییێک لە پەرلەمانی کوردستان بەدەست بێنن؟ ئایا پێتانوایە بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو بەرەو پێش دەچن یان هەروا دەمێننەوە؟

**وەڵام:** بەڕێز کاردۆ بانەیی! هۆکارەکانی بەدەست نەهێنانی کورسی پارلەمان زۆرن، یەکێک لەوانە نەبوونی هاوسەنگی و دەرفەتی یەکسان لە بواری راگەیاندن و مێدیادا بوو، هەڵبەت شێوازی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن و کەمهۆشیاری خەڵک لە کاتی دەنگداندا ناکرێ فەرامۆش بکرێ، بەڵام ئاکامی هەڵبژاردن، وایکرد کە راستبین و وردبینانە چاو بە خۆماندا بخشێنینەوەو بۆ هەڵبژاردنی داهاتوودا خۆمان ئامادە بکەینەوە.

**پرسـار لەلایەن فەوزیە هەورامیەوە:**

ئایا لەگەڵ هیچ رێکخراوێکی جیهانیدا هاوکاریتان هەیە؟

**وەڵام:** بەڕێز فەوزیە هەورامی! حزبی رزگاریی کوردستان وەک حزبێکی سەربەخۆخواز پێوەندی توندوتۆڵی لەگەڵ لایەنە سەربەخۆخوازەکانی کوردستاندا هەیە، هەروەها پێوەندی باشیشی لەگەڵ لایەنە چەپ و یەکسانیخوازەکاندا هەیە، هەر ئەمەش وایکردوە کە لە هەڵبژاردنەکاندا لیستی هاوبەش لەگەڵ ئەواندا پێکدەهێنێ، بەڵام لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا هەموو ئەو پارت و رێکخراوانەی کە پشتیوانی لەگەڵ دۆزی رەوای کوردستان دەکەن و هاوسۆزی لەگەڵدا دەنوێنن بە دۆست دەزانێ و هەوڵدەدات پێوەندی دۆستانەیان لەگەڵدا پەرە پێبدات، بەڵام وەک هاوکاری ماددی تا ئێستا هیچ هاوکارییەکمان لە هیچ هێزێکی دەرەکی وەرنەگرتوە.

**پرسـار لەلایەن عەزیزەوە:**

رێکار پێشتر خۆی بە ئۆپۆزیسیۆن دەناساند و قسەی بە دەستەڵات دەگوت، کەچی ئێستا دەستەڵات زۆر بە توندی دژایەتی دەکەن کەچی ئەو زۆر نەرم دەنوێنێ؟

**وەڵام:** بەڕێز ئازیز! نەک پێشتر ئێستاش من خۆم لەسەنگەری ئۆپۆزیسیۆندا دەبینم. هەڵبەت کوردستانیان دەزانن کە ئێمە وەک حزبی رزگاریی کوردستان یەکەمین لایەنی کوردستانی بووین کە هەر لە ساڵی 1993وە داوامان کردوە کە دەبێ سەنگەری دەستەڵات و ئۆپۆزیسیۆن لەیەکتری هاوێر بکرێن. دەستەڵات کارو پرۆژەکانی خۆی بەڕێوە ببات، ئۆپۆزیسیۆنیش پۆزەتیفانە چاودێری بەسەر کارو چالاکیەکانی حکومەتدا بکات. هەر ئەوەش بوو وایکرد کە ئێمە لەگەڵ چەند لایەنێکی دیکە لە 10-10-2006 بەرەی گۆڕان پێکبهێنین و وشەو چەمکی ئۆپۆزیسیۆن بە خەڵک بناسێنین و پێداگری لەسەردا بکەین، بەڵام دوایی کەسانێک کە پێشتر لە ریزەکانی دەستەڵاتداراندا شوێنیان گرتبوو، سەرمایەو پارەی باشیان لەبەر دەست دابوو، خۆیان جیاکردەوەو بەسەر ئێمەدا تێپەڕین و خۆیان وەک ئۆپۆزیسیۆن ناساندو تا رادەیەکی باشیش گرەوەکەیان بردەوە.

ئێمە لە ئۆپۆزیسیۆن بووندا پێشەنگ بووین، بەوهۆیەشەوە باجی زۆرمان دا، حزبەکانمان دوو لەت کران، کێشەو گرفتی داراییمان بۆ قوت کرایەوە، کاتێک لایەنێکیش بە کێشەی ناوەخۆیەوە خەریک بێت، ئیدی وەکو پێویست ناپرژێتەسەر ئەوەی کە کارەکانی خۆی رابپەڕێنێ، هەر ئەوەش وایکردوە کە ئێستا دژایەتیمان دەکرێ، کێشەو گرفتمان دەخرێتە سەر رێ تا بە ئاسانی هەڵنەستینەوەو بە کردەوە درێژە بە ئۆپۆزیسیۆن بوون نەدەینەوە.

**پرسـار لەلایەن کاروانەوە:**

!هۆکاری چیە کە سەربەخۆخوازانی باشوری کوردستان لە بەرەیەک یان رێکخراوێکی سیاسیدا کۆ نابنەوە، ئایا ئێوە وەک حزبی رزگاریی کوردستان تا چەند باوەڕتان بە بەرەی سەربەخۆخوازان هەیە؟

**وەڵام:** بەڕێز کاروان! هۆکاری کۆنەبوونەوەی سەربەخۆخوازانی کوردستان لە بەرەیەکدا وەک ئەو هۆکارانەیە کە ئیسلامیەکان لەبەرەیەکدا کۆ نابنەوە، چەپەکان لەبەرەیەکدا کۆنابنەوە، دیموکراسیخوازەکان لە بەرەیەکدا کۆنابنەوە، بەڵام ئێمە وەک حزبی رزگاریی کوردستان باوەڕی تەواومان بە بەرەی سەربەخۆخوازان هەیە، لەو پێوەندەشدا تێکۆشاوین، سەردەمێک لەگەڵ چەند لایەنی دیکەی کوردستانی ناوەندی سەربەخۆیی کوردستانمان پێکهێنابوو، ئێستا هەمان رامان و هەڵوێستمان هەیە، هەر دەبێ سەربەخۆخوازان هێزو توانای خۆیان لەبەرەیەکدا کۆبکەنەوە، دەنا گورگان خواردو دەبن.

**پۆزش: داوای بوردن دەکەین کە جێ نەبوو هەموو میوانداریەکە بڵاو بکەینەوە.**